# تەوەری جەلالی میرزا کەریم

## جەلال میرزا کەریم ...



چوار هاورێی ژیان و شیعری جەلال، بە چوار تێروانینی جیاوازەوە، هەریەکەیان لە گۆشەنیگایەکی جیاوازی ئەو ئەدوێن، بەڵام ئەوەی هەرچواریانی لە چەند وێستگەیەکدا کۆکردووەتەوە، پەیوەندیی نێوان (جەلال و سیاسەت، جەلال و شیعر، جەلال و نوێخوازی)یە. لەم ژمارەیەدا بە بۆنەی تێپەربوونی 15 ساڵ بەسەر مەرگی شاعیرێکی پڕ لە هاوار بۆ نوێخوازی، شاعیرێك پڕ لە نۆتەی شیعرو وشە، ئاینده یادی ئەو شاعیرە دەکاتەوە، هەریەك لە (کاکە مەم بۆتانی، شێرکۆ بێکەس، سامی شۆڕش، سەعدوڵڵا پەرۆش) بەشداری ئەو یادەیان کردووەو هەریەکەیان لاپەڕەیەك لەسەر ئەزموونی شاعیر هەڵدەدەنەوە.



# جەلال میرزا کەریم

-ساڵی 1935 لە سلێمانی لەدایك بووە.
-لە پەنجاكاندا بەشداری بزووتنەوەی سیاسیو خەباتی قووتابیان بووە.
-ساڵی 1962 بەهۆی هەڵوێستی سیاسییەوە دوو ساڵ زیندانی کراوە.
-ساڵی 1964 لە ئیستگەی کوردی بەغدا کاری کردووە.
-لە کۆتایی پەنجاکانەوە دەستی بەشیعر نووسین کردووە.
-یەکێك بوو لە داینەمۆکانی بزووتنەوەی ئەدەبی (روانگە).
-لە 1974 بەشداری شۆرشی ئەیلوولی کردووەو پێشتریش لە رۆژنامەی (برایەتی) کاری کردووە.
-لە 1974 کۆمەڵە شیعرێکی لە ژێر ناوی (کاروانی وشەی راچەینوو) ئامادەکرد بۆ چاپ، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە نەیتووانی چاپیان بکات.
-ساڵی 1975 چۆتە دەرەوەی وڵات.
-ساڵی 1982 تووشی رووداوی ئوتومبیل هات لە (ئەمریکا).
-ساڵی 1982 کۆمەڵە شیعرێکی لە ژێر ناوی (الولادە) بەزمانی عەرەبی بلاوکردەوە لە دەرەوەی وڵات.
-ساڵی 1982 شانۆگەری شیعریی (سەنگەر)ی لە دەرەوە بلاوکردەوە.
-لە گۆڤاری ئالای ئەمریکاو گۆڤاری (اصوات) لە فەرەنساو (صوت الاتحاد) بەرهەمی بلاودەکردەوە لە هەشتاکاندا.
_ئەندامی یەکێتی دیموکراتخوازانی عیراق لە ئەوروپاو کۆمەڵەی نیشتمانی لە ئەمریکاو کەنەدا بوو.
-ساڵی 1991 نامیلکەی (چرپەی ژانێکی نقووم بوو)ی چاپ کرد.
-ساڵی 1992 نامیلکەی (رێگا دوورەکانی چاوومان)ی چاپ کرد.
-ساڵی 1992 کرا بە بەرێوەبەری ئێزگەی هەرێمی کوردستان لە هەولێر.
-سەعات 11ی سەر لەبەیانی 1993/1/13 تووشی ئازارێکی توندی سنگ ئێشان بوو لە ناو ئێزگەی هەرێمو گوسترایەوە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر، مەخابن سەرلەیانی 1993/1/14 دڵی ئەو شاعیرە بەخشندەیە لە لێدان کەوت.

**ئەتانەوێ من بناسن؟**
**من عاشقی رێگایەکم مەرگی تیابێ**
**کە هەڵوێست مرد.. بۆچی نابێ؟**
**دەروون شیعری شۆڕشێکی تری تیابێ.**